دەزگای ئاسایشی هەرێم بەدواداچون لەسەر هەرشکردنە سەر سێ گەنجەکەی خورماتو دکات

ئەمڕۆ شەممە دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، سێ گەنج لە قەزای خورماتو، لەسەر هەڵکردنی ئاڵای پیرەزی کوردستان ڕووبەڕوی لێدان و تەشهیرکردن بونەوە، لەسەر ئەو هۆداوە دەزگای ئاسایشی هەرێم و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئێپراسیۆنکانی ئاسایش، دەستبەجێ بەدواداچونیان ئەنجامدا.

دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە، لەڕۆژی 11ی ئەم مانگە سێ گەنج لە قەزای خورماتو، لەسەر هەڵکردنی ئاڵای پیرەزی کوردستان، ڕووبەڕوی لێدان و تەشهیرکردن بونەوە، لەسەر ئەو هۆداوە دەزگای ئاسایشی هەرێم و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئێپراسیۆنکانی ئاسایش، دەستبەجێ بەدواداچونیان ئەنجامدا و گفتوگۆ لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار کرا بۆ سزادانی لایەنی سەرپێچیکار.

ئاماژەی بەوەشکردوە، دوای هۆداوەکە، ئەو چەند گەنجە لەلایەن دەزگای ئاسایشی هەرێم و بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئێپراسیۆنکانی ئاسایش بانگهێشتکران و لەنێخێشخانەکانی سلێمانی چارەسەری تەندروستیان بۆ ئەنجامدرا و دواتر سوپاس و پێزانیان پێشکەشکرا و بڕیاری پشتیوانی زیاتریان پێدرا.